# بانگەوازی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە رۆژی 5 شەممە 23ی گولان

**کۆمەلانی خەلکی تێکۆشەری کوردوستان!**

**سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممە 20 ی مانگی گولان 5 جەرگۆشەی خەلکی کوردستان و ئیران، 5 لاوی تێکۆشەر، 5 زیندانی سیاسی، لە زیندانی ئیڤین لە شاری تاران لە سێدارە دران. فەرزادی کەمانگەر، عەلی حەیدریان، فەرهاد وەکیلی، شیرین عەلەم هولی ، میهدی ئیسلامیان، کە لە بێدادگای نەهینی دا و لە سەر بنەمای پەروەندەیەکی دەسکردی دەزگاکانی ئیتلاعاتی رژیم حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپابوو، لەو رۆژەدا بە تاوانی ئاوات و بیروباوەریان و بە تاوانی موخالەفەتیان لە گەل رژیم لە مافی ژیان بێ بەش کران.**

**میژووی کۆماری ئیسلامی ئیران پڕە لەم جۆرە جینایەتە، بەلام ئەم جارە و لە هەلومەرجی سیاسی ئیستا دا داسی مەرگی ئەو رژیمە کەوتۆتە کار بۆ ئەوەی زەرفیەت و توانایی تەحەمولی خەلکی کوردوستان لە جەرگەی ئەزمەیەکی سیاسی سەراسەری کە ئەو رژیمە تێیدا گرفتارە، تاقی بکاتەوە. وەلامی سەرەتایی خەلکی کوردوستان بەو تاقی کردنەوە جینایەتکارانەیە شەپۆلێك لە نەفرەت و بیزاری بوو کە ئەمرۆکە لە سەرتاسەری کوردوستان کەوتۆتە رێ. بەلام ئاشکرایە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی رژیم ئەوە کافی نیە و پیویستە هیزێکی کۆمەلایەتی بەرین تر بکەوێتە کار و و وەلامێکی لێبراوانە تری پێ بدرێتەوە.**

**بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئیمە بانگەوازی هەموو خەلکی کوردوستان دەکەین بۆ مانگرتنێکی گشتی لە رۆژی 5 شەممە 23ی مانگی گولان. داوا دەکەین لەو رۆژەدا، کارمەندانی ئیدارەکان نەچنەوە سەرکار، کرێکارانی کارگا و کارخانەکان دەست لەکار بکێشنەوە، خوێندکارانی مدرەسەکانی سەرەتایی و راهنومائی و دەبیرستان و زانکۆکانی کوردوستان نەچنەوە سەر کەلاسەکانیان، دوکان و بازار هەمووی دابخرێ و بەم جۆرە مانگرتنێکی گشتی و یەکپارچە لە هەموو کوردستان بەڕێوە بچێ و تەنیا ئەو شوینانەی کە پیداویستیەکانی ئورژانسی خەلك دابین دەکەن کراوە بن.**

**کۆمەلانی خەلکی کوردوستان!**

**ئەوە بانگەوازێکە بۆ حەرەکەتێکی جەماوەری. بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی کە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لەم حەرەکەتەدا بەشدار بن، لەوانەیە لە گەڵ مەیل و بۆچوونی سیاسی و بەرنامەی کۆمەڵایەتی ئێمە نەیەنەوە. لەوانەیە ئەم یان ئەو سیاسەتەی ئێمەیان بەدڵ نەبێ. هیچ کام لەوانە ناتوانێ رێگر بێ لەوەی کە خەڵکی کوردستان، لە بەرانبەر رژیمی کۆماری ئیسلامی دا و بەرانبەر بە دسەست درێژی بۆ سەر گیان و ژیانی هەلسوراوانی سیاسی یەك دەست و یەکگرتوو بن. وەڕێکەوتنی ئەو مانگرتنە، سەرکەوتنێکی گەورەیە**

بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە مەیل و بۆچوونی سیاسی جیاوازیانەوە. ئەوەی گرینگە بە دەست هاتنی ئەو سەرکەوتنەیە کە لە جیهەت بەرپەچدانەوە دەست درێژی رژیم بۆ سەر گیانی زیندانیان ، بۆ ئازاد بونیان و بۆ کۆتایی هاتن  بە رەنج و ئازەرەکانیان.

با هەمومان پێکەوە، یەکگرتوانە، مان گرتنی گشتی رۆژی 5 شەمممە 23ی ئوردیبەهیشت بکەین بە وەسیلەیەك بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەستی جینایەت و تاوان لە زیندانەکانی رژیم دا. جگەرگۆشەکانی ئیمە لە زیندانەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا ، ئەو ئینسانە شەریفانەی کە ژیانی خۆیان ناوەتە پیناوی دیفاع لە ئازادی و بەرژەوەندیەکانی خەلکی چەوساوە و ستەملێکراو، چاوەرێی ئەو پشتگری و پشتیوانیەن. ئەو ئازیزانەمان نابێ لە ژێر دەستی دوژمن دا هەست بە تەنیایی بکەن. سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە گشتیە پەیامی ئەمەگ ناسی بۆ ئەو خۆشەویستانەیە و لە هەمان کاتدا رێگەیەکی کاریگەرە بۆ نەجاتی گیانیان.

زیندانیانی سیاسی رۆلەکانی خەلکێکن کە ماوەی زیاتر لە سێ دەیەیە لە بەرانبەر دەسەلاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی دا  کۆلنەدەرانە موقاوەمەت دەکات. پیویستە ئەزمونی ئەو خەبات سەربەرزانە و پڕ لە شانازیە بۆ نەجاتی گیانی ئەوان هەلسوراوانە بە کار بێنین و بە نیشاندانی گۆشەیەك لە توانائیەکانی لە بن نەهاتوی کۆمەلانی خەلك رێگا لە درێژەدانی ئەو جینایەتانە بگرین. با نیشانی بدەین کە  ئەو خەلکە بە ئەزمون و خەباتکارە لە وەها هەلومەرجێك دا جەگەرگۆشەکانی خۆیان لە زیندانەکان دا بە تەنیا ناهێلەوە. رژیمی کۆماری ئیسلامی پیویستە وەلامێکی لێبراوانە بۆ ئەو جینایەتە لە خەلکی کوردوستان وەر بگرێتەوە و ناچار بێ لە درێژەدانی دەست بپارێزێ.

موعەلیمانی دلسوزی کوردوستان!

فەرزادی کەمانگەر موعەلمێکی پەروەردەی داوێنی بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردوستان بوو. شەمعی وجودی ئەو لە پێناوی رۆشنائی بەخشین بە رێگای بەختەوەری و بۆ دوارۆژی رووناك بۆ منالانی ئەو ولاتە توایەوە، با رژیمی کۆماری ئیسلامی پەیامی نەفرەت و بیزاری ئیوە بە هەلسورانتان لە پیناوی بەریوەچونی هەرچی لێبراوانەتری ئەو مانگرتنە ببیستێ. ئەوە ریزدانانێکی شکۆدارە بۆ گیانی ئینسانێك کە لە دوژاورترین هەل و مەرجی ژیانی دا و لە پشت دیوارەکانی زیندانەوە پەیوەندی خوی لە گەل خوێندکارانی بەردەوام راگرت و ئیستا لە ناو دلیاندا زیندۆە.

لاوانی شۆڕشگێڕ!

بەرەو پێش بردنی ئەم حەرەکەتە و نیشاندانی ریزی مقاومەتێکی یەکپارچە و یەکگرتوو لە بەرانبەر رژیمی جمهوری ئیسلامی دا، لە گرەوەی خەباتی پڕ بە پڕی ئێوە دایە. بە هەولّ و تێکۆشانی خۆتان ئەم مانگرتنە

**گشتییه وەکوو ڕەمزی یەکگرتوویەکی بەهێز، کە سەرمایەی پێشرەویەکانی داهاتوویە، بە سەرکەوتن بگەیەنن.**

**کرێکارانی پێشرەو، تێکۆشەرانی سیاسی ، هەلسوراوانی ریکخراوە جەماوەری و مەدەنیەکان!**

**مانگرتنی گشتی لە کوردوستان لە رۆژی 5شەممە 23ی گولان حەرەکتێکی هیمنانەیە کە زەرفیەت و توانائیەکەی خۆی لە جەماوەری بون و لە سەرتا سەری بونی وەر دەگرێ. ئەو حەرەکەتە پیویستە هەموو شارو شارۆچکە کان، هەموو سینف و پیشەکان لە شیمالەوە تا جنوبی کوردوستان بگرێتەوە.**

**مانگرتنی رۆژی 5 شەممە دەتوانێ دەروازەیەك بێ بۆ ئەوەی خەباتی جەماوەری لە کوردستان پێیدا تێپەر بێ و پێ بنێتە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغێك کە تێیدا ئاستێکی بالأتر لە وشیاری سیاسی نیشان دەدات. بەریوە چونی سەرکەوتوانەی ئەو مانگرتنە بە مانای تەسبیتی هاوسەنگی یەکی تازە لە نێوان خەڵکی کوردستان و رژیمی ئیسلامی دایە. ئەم حەرەکەتە لە هەمان کاتدا هەنگاوێکە کە لە ئاستی سەراسەری دا و لە هەموو ئێران دەتوانێ هاندەر ورێ نیشاندەر بێ. ئەو مانگرتنە دەورێکی میژوویی دەبینێ لە بەرەو پێش بردنی بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردوستان . با بە مانگرتنی گشتی لە رۆژی 5 شەممە 23 ی گولان هەموو ئەو دەسکەوتانە مسۆگەر کەین.**

**کومیتەی ناوەندی کۆمەلە**

**ریکخراوی کوردوستانی حیزبی کومونیستی ئیران**

**20 ی گولانی 1389ی هەتاوی**

**10 مەی 2010 زایینی**